# تۆبە

**1991/6/18**

تۆبەیەکی دەروێشیم کرد
هەتا مابم
نەدلۆپێ ئاوی چاوان
بەردەمەوە
نە سەر بەسنگی خۆما
لارکەمەوە
بەڵام ناچار
تۆبەم شکاند
فرمێسکی تورە  وەك رەهێڵ
هەتا سەریشم دانەواند
کاتێ بینیم
تەرمی مرۆڤێکیان دەناشت
تفەنگێکی خوێناوییان
بۆ کرد بە کێل